حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان

بەشی جوگرافیا

# شوێنی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت ونشیگەی پارێزگای سلێمانی وگونجاویان لەڕووی جوگرافیەوە

ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لە داواکاری بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس پێشکەش بە کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان بەشی جوگرافیا کراوە.


توێژەر

هۆشیارجەمال ڕەفیق

بەسەرپەرشتی

د.عەتامحەمەد علاالدین


٢٧١٩کوردی ٢٠١٩زاینی

فۆڕمی پێشکەش کردنی توێژینەوەی دەرچوون

دەستنوسی کۆتایی خوێندکار(هۆشیارجەمال ڕەفیق) بەناونیشانی (**شوێنی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت ونشیگەی پارێزگای سلێمانی وگونجاویان لەرووی جوگرافیەوە** )نوسراوە ،وەپێوستیەزانستەیەکانی تەواوکراوە،بۆیەدەیخەمە بردەست ئەنجومەنی بەش.

سەرپەرشتیار

د.عەتا محەمەد علادین

بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم لێکۆلینەوەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

سەرۆکی بەشی جوگرافیا

د.سۆران حەمە ئەمین

ئێمەلەلیژنەی گفتوگۆ وهەڵسەنگاندن ئەم لێکۆلینەوەیەمان خوێندوە ولەگەڵ خوێندکار گفتوگۆمان کرد دەربارەی ناوەڕۆک ولایەنەکانی تری بڕیارماندا کەشایەنی ئەوەیە بەپلەی ( ) بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ی لەزانستی جوگرافیا پێ بدەین.

ئەندام | ئەندام

/ / | / /

لەلایەن ئەنجومەنی بەشەوە پەسەندکرا.

سەرۆکی بەشی جوگرفیا

د.سۆران حەمە ئەمین

**پێشکەشە....**

.بەهەمووئەوماموٚستایانەی کەلەهەرقوٚناغێکی خوێندمابووبێت فێری وشەیەکیان کردوم.

## سوپاس و پێزانین....

.سوپاس بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی کە هاوکاریان کردم لەپێدانی زانیاری،

.سوپاس بۆکارمەندانی بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی کەهاوکاریان کردم لەپێدانی زانیاری.

.سوپاس هەر هاوڕێی و مامۆستایەکی تردەکەم کەهاوکاریان کردووم.

## پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشکەشە | ا |
| سوپاس وپێزانین | ب |
| پێرست | ت |
| لیستی خشتەکان پێرستی وێنەکان | ث |
| پێرستی شێوەپێرستی وێنەکان | ج |
| پێشەکی | ١ |
| ئامانج ومیتۆدی لێکۆلینەوە | ٢ |
| پلان وگرفتی لێکۆلینەوە | ٣ |
| باسی یەکەم | |
| شوێنی شاری سلێمانی | ٤ |
| بەرزونزمی شاری سلێمانی | |
| ئاوهەوای شاری سلێمانی | ٥ |
| پلەی گەرمی بەپێی مانگەکانن | ٦ |
| نەخشەی شاری سلێمانی | ٧ |
| دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی گەرەکەکان | ٧-١٢ |
| باسی دووم | ١٥ |
| شوێن | |
| تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبەراتی پاسپۆرت ونشینگەی پارێزگای سلێمانی | ١٦-٢٩ |
| باسی سێیەم | ٣٠ |
| دەرئەنجام | |
| ڕاسپاردە | ٣١-٣٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٣٣ |


## پێرستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | خشتەی دابەش بوونی دانیشوانی شاری سلێمانی | ١٢/٧ |
| | خشتەی ٤,٣,٢,١ | |

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | خشتەی سەرجەم تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت ونشینگەی سلێمانی<br>خشتەی ٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،١٥،١٦ | ٢٨/١٧ |


پێرستی وێنەکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | وێنەی بەڕێوەبەرایتی پاسپۆرت لەسەرتۆڕی ئینتەرنێت | ١٥ |
| ٢ | بینای بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی | ١٦ |
| ٣ | گەراجەکان لەرۆژانی دەوامدا | ٢٥ |
| ٤ | گەراج لەرۆژی نەبوونی دەوامدا | ٢٦ |
| ٥ | گەراجی بەردەم پاسپۆرت | ٢٧ |
| ٦ | وێنەی شوێنی خزمەتگوزاریەکان. | ٢٩ |


# پێرستی شێوە


| ژمارە | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | دابەشبوونی ڕێژەی دانیشتوانی سلێمانی | ١٣ |


# پێرستی نەخشەکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | نەخشەی شاری سلێمانی | ٦ |
| ٢ | نەخشەی گەڕەکەکانی سلێمانی | ١٤ |
| ٣ | نەخشەی ناوچەی لێکۆلینەوە | ٢١ |

# پێشەکی

ئەم تـــــوێژینەوە یە وەک یەکێـــــک لە پێداویســــتیەکانی بەدەســــت هینـــــانی بڕوانـــــامەی بەکـــــالۆریۆس ئەنجـــــام دراوە.کەخـــــۆی دەبینێـــــتەوە لە لێکـــــۆلینەوە لەســـــەرگونجاوی شـــــوێنی جـــــــوگرافی هەردووبەڕێـــــــوەبەرایەتی پاســـــــپۆرت و نشـــــــینگەی پارێزگـــــــای سلێمانی.دروستبوونی فشاری هاتووچۆلەسەرناوچەکە.

وەک ئاشـــــکرایە ســـــاڵانە لەهەرێمـــــی کوردســـــتان بەگشـــــتی وشـــــاری ســـــلێمانی بە تـــــایبەتی ڕوداوەکـــــانی هـــــاتووچۆ بەردەوام ڕوولەزیـــــادبوونە، ڕێـــــژەی گیـــــان لەدەســـــتدان و کەم ئەنـــــدامبوون و برینـــــداربوون بەهـــــۆی ڕووداوەکـــــانی هـــــاتووچۆ بەڕێژەیەکـــــی زۆر زیـــــادی کردوە.لەرابـــــــردوودا بەشـــــێوەکی گشـــــتی زۆربەری ڕوداوەهاتووچۆکـــــان تەنهـــــا وتـــــراوە تیژڕەوی شۆفێران وخراپی ڕیگاوبان هۆکاری ڕووداوەکانن.

بەڵام پێوســـــتە ئەم بـــــابەتە ورد تربکـــــرێتەوە و شـــــیکردنەوە لەسەرشـــــەقام و شـــــوێنی دامەزراوە ئەمنیەکـــــان و دامەزراوە ودەزگاکـــــانی حکـــــومی و ناوەنـــــدەکانی خوینـــــدن لێکـــــۆلینەوەی وردی زانســـــتی لەبـــــارەوە بکرێـــــت و کێشـــــە و گرفتەکـــــان دیـــــاری بکرێت.پێشنیاربۆچارەســــــــرکردنیان بکرێـــــــت.چونکە بەگـــــــوێرەی ئەو ئامـــــــارەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بڵاوی کردۆتەوە.

تەنهـــا لەشـــاری ســـلێمانی لەســـاڵی٢٠١٨ دازیـــاتر لە دووســـەد کەس گیانیـــان لەدەســـتداوە بە هـــــۆی ڕووداوی هاتووچۆوە.زیاترلەســـــێ هەزارکەســـــیش برینـــــداربوون کە ئەم ئامـــــارە ســـــەلمێنەری بـــــوونی کێشـــــە وفشـــــاری هـــــاتووچۆیە لەسەرســـــنوری شـــــاری ســـــلێمانی، هەربـــــۆیە ئەم لێکۆلینەوەیەمان هەڵبژارد[1].

---

[1] - سایتی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی , http://www.sultraffic.com

**ئامانجی لێکۆلینەوە**

١/دەرخستنی سەرجەم کێشە وگرفتەکانی سنوری ناوچەی لێکۆلینەوە بەتایبەت کاریگەری فشاری هاتووچۆلەسەرناوچەی لێکۆلینەوە.

٢/لەدوای دەرخستنی کێشەکان ودیاریکردنیان هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی لە رێگای ئەو پێشنیارانەی توێژەر دەیکات بۆلایەنی پەیوەندیدار.

**میتۆدی لێکۆلینەوە**

هەرلێکۆلینەوەیەکی زانستی پێوستی بە میتۆدیک هەیە بۆ بەئامانج گەیاندنی لێکۆلینەوەکە، کە میتۆدی شیکردنەوە بەکار هاتووەلەم توێژینەوەیەدا،کەکارەکان دابەش کراون بەم شێوەیە:

١/کۆکردنەوەی داتاوزانیاری تایبەت بە توێژینەوەکە پشت بەست بە سەرچاوەی ڕەسمی حکومەت وبەکارهێنانی سەرچاوە ڕەسمیەکان لە تۆڕی ئینتەرنێت.

٢/سەردانی مەیدانی توێژەر بۆناوچەی لێکۆلینەوە، چ وەک سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیاری کراو بۆوەرگرتنی زانیاری لەکارمەندانی هەردووبەڕێوەبەرایەتیەکە و چ وەک گەڕان وبەدواداچوون ناوچەی لێکۆلینەوە بەئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری.

٣/نیشاندانی سەرجەم داتاکان لەچەندین خشتەدابەئامانجی ڕوونکردنەوەی زانیاریەکان وبەراودکردنیان بەیەکتری

**پلانی لێکۆلینەوە**

بەمەبەستی زیاتر شیکردنەوەی لێکۆلینەوەکە،هەوڵدراوە لێکۆلینەوەکە دابەش بکرێت بۆناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە وپێشەکی و سێ باس بەمجۆرە

باسی یەکەم /کەپەیوەستەبە شوینی جوگرافی لەڕووی سروشتی و مرۆی ناوچەی لێکۆلینەوە.

باسی دووم/شیکرنەوەی ناوچەی لێکۆلینەوە ودەرخستنی کۆی کێشەکەڵەکەبووەکان.

باسی سێیەم/تەرخان کراوە بۆدیاریکردنی سەرجەم کێشەکان وپێشنیاروچارەسەرەکان کەتوێژەرلەکۆتایی لێکۆلینەوەدا پێی گەیشتووە.

**گرفتی لێکۆڵینەوە**

لێکۆلینەوە لەهەربابەتێکی زانستی لەهەربوارێدابێت کێشەوگرفتی خۆی هەیە، لێکۆلینەوە لەبابەتی جوگرافی سروشتی یاخود مرۆیی کۆمەڵێک گرفت دروست دەکات بۆتوێژەربۆیە گرنگە بۆتوێژەر ئەوناوچەیە هەڵبژێرێت کەکەمترین گرفت دەهێنێتە ڕێگای‌گرفتەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە بریتیە لە:

١/ڕێگەنەدانی بەڕێوەبەرایەتی نشیگەی پارێزگای سلێمانی بە ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەرفەرمانگەکەیان وپێنەدانی زانیاری لەسەرژمارەی کارمەندان ونەدانی ئاماری ژمارەی سەردانی کردنی هاوڵاتیان بەمەبەستی بەڕێکردنی کارەکانیان‌بەبیانوی ئەوەی کەبەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای سلێـمانی دەزگایەکی ئەمنی سەربەحکومەتی ناوەندی بەغدادە و زانیاریەکانیان پەیوەندی بە ئەمنی نیشتمانیەوەهەیە.

٢/دروست کردنی گرفت ولێکۆلینەوە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی سنوری بەرێوەبەرایەتی نشیگەی سلێمانی‌لێکۆلینەوە لەسەرهۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

٣/پێنەدانی زانیاری لەلایەن هەندێک لەماڵەکانەوە لەسەر ئەوگرفتانەی ڕۆژانە دێتە ڕێگایان بەهۆی ئەوفشارەزۆری هاتووچۆوە لەناوچەکە.

## باسی یەکەم

## شوێنی شاری سلێمانی

شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆلینەوە کەشاری سلێمانیە‌دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێـمی کوردستان و باکوری خۆرهەڵاتی عێراق‌لەخۆرهەڵات وباکوری خۆرهەڵات کۆماری ئیسلامی ئێران‌لەباکوری خۆرئاواپارێزگای هەولێر و لەلای باشوری خۆرئاواپارێزگای کەرکوک دەورەیان داوە[2].

هەروەهاشوێنی فەلەکی(ئەسترۆنۆمی)پارێزگاکەدەکەوێتە نێوان هەردووبازنەی پانی(٣٥،٤-٣٦،٣٠) پلەی باکورو هێڵی درێژی(٤٦،١٦-٤٤،٥٠)ی خۆرهەڵات.[3]

---

2- شیروان عومەر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی وگەشەپێدانی گەشتوگوزارلەپارێزگای سلێمانی ،چاپی یەکەم،بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان سلێمانی،٢٠٠٧،لا/.١٠٧

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا/١٠٩

سلێمانی لەباکوری خۆرهەڵاتەوە بە زنجیرە شاخی ئەزمر(١٧٠٠م)،گۆیژە(١٥٢٥م)و قەیوان دەورە دراوە،لەباشوریەشەوە بە چیای بەرانان(١٣٧٣م)و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دەشتی شارەزوور دەست پێدەکات کەدرێژیەکەی (٤٥کم) وپانیەکەی (١٥کم).لەڕۆژئاواشەوە شاخی تاسڵوجە گەمارۆی داوە.[4]

ڕووبەری مەرکەزی قەزای سلێمانی کەناوچەی لێکۆڵینەوەیە گەورەترین ڕووبەری هەیە لەچاو ڕووبەری قەزاکانی تری پارێزگاکە کە ڕووبەرەکەی(٢٢٧٧)کم[5].

**بەرزونزمی(تۆپۆگرافیا)**

شاری سلێمانی دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاویەوە،چەند لەباشورەوە بەرەو باکور ولە خۆرئاواوە بۆخۆرهەڵات بچین لەئاستی ڕووی زەوی بەرزئەبێتەوە ولەڕووی شێوە وقەبارەوە هەرشاخ و دەشت وبانە،کە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە.[6]

**ئاو و هەوای شاری سلێمانی**

شاری سلێمانی ٨٥٣م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و ئاو و هەواکەی بە دەریای ناوەڕاستەوە کاریگەرە و لە زستاندا سارد و باراناوییە و هاوینیشی وشک و گەرم و بێبارانە ، جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان پلەکانی گەرمای شەو و ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵدا بەدی دەکرێت.

ئاو و هەوای ناوچەی سلێمانی بە زۆری لە ئاو و هەوای ناوچەی دەریای ناوەڕاست ئەچێت و (٨٥٣)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، ناوچەکانی چەمچەماڵ و دەشتی کەلارپلەی گەرمیان بەرزترە.

پلەی گەرمای هاوین ئەگاتە (٣٩) پلەی سەدی و ئەگەر بەرەو خۆرئاوا بیبەوە تا (٢٤)نزم ئەبێتەوە. ئەمە بە شێوەیەکی گشتییە بەڵام هەندێک ساڵ بەرزترین پلەی گەرما لە هاوین دا سنووری (٤٥) پلەی سەدیش ئەبەزێنێت. بای لە هەر چوارلاوە بۆ دێت. جاران لە دوانزە مانگی ساڵدا هەشت مانگ بارانی تیا دەباری بەڵام ئێستا وەک بەشێک لە دیاردەی گەرم بوونی زەوی ماوە و ڕێژەی باران بارینی تیا کەم بۆتەوە.

تێکڕای گشتی باران بارین لە ساڵێکدا لە نێوان (٤٠٠-ـ٦٠٠ملم). بێگومان لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای سلێمانیدا ئەگاتە ١٠٠٠ ملم و هەندێکجارزیاتریش.

---

[4]- سایتی پارێزگای سلێمانی #http://slemani.gov.krd/so/pageDetail.php?secID=3.

5- لەنجە سەڵاح عبدولکەریم،شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆبەرهەم هێنانی گەنم وجۆ لەپارێزگای سلێمانی, لەنێوان ساڵانی(١٩٩٧-٢٠٠٥)،چاپی یەکەم ،بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ساڵی ٢٠١٠،لا/٣١.

[6]- هەمان سەرچاوەی پێشوولا/٤٩.      -

## پلەکانی گەرما بەپێی مانگەکان


شاری سلێمانی ٨٥٣م لە دەریاوە بەرزە، هەر لە ناو شاری سلێمانی دا بەرزی و نزمی و گردۆڵکەی زۆر هەن (هەوارە بەرزە ، گردی عەلی ناجی ، گردی گەڕەکی ئەندازیاران ، گردی سەرچنار وە گردەکانی تر) ئەمانە بە شوێنی بەرز دائەنرێن بەڵام سلێمانی کۆن وەک دەرگەزێن و چوارباخ و کانێسکان و سەرچنار و سەرشەقام تا بەرەو خوارەوە بێتەوە هەر دوو چەمی تانجەرۆ و قلیاسان نموونەی ناوچە نزمەکانی سلێمانین. جیاوازی نێوان لوتکەی گۆیژە و دەوروبەری چەمی قلیاسان ٨٧٨م ئەبێت. واتە گۆیژە نزیکەی ١کم لە باشووری سلێمانییەوە بەرزترە که ئەمە جیاوازییەکی زۆرە و گەلێک کار ئەکاتە سەر ئاو و هەوا و پەیدابوونی ڕەشەبا. ئاو و هەوای شاری سلێمانی پلەی گەرما لە هاوینی ١٨٢٠دا وەک گەشتیاری بەناوبانگ (میستەر ریچ) لە دوای نیوەڕۆدا گرتویەتی لە ڕۆژی ١٧ی تەموزدا (٣٥) پلەی سەدی بووە ، بێگومان ئێستا ئاو و هەواکەی گەرمترە و خۆی ئەدا لە ٤٥ پلەی سەدی. لە زستاندا لە بەکرەجۆی نزیک سلێمانی تێکڕا( ٣.٥) پلەی سەدییە. بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکان بە تایبەت دوای بەفربارین و لە چلەی زستان دا چەند پلەیەک دێتە ژێر سفرەوە.

تەوژمی پاڵەپەستۆی هەوا و پلەی گەرما پێچەوانەی یەکترن. واتە هەتا پلەی گەرمی بەرزتر بێتەوە (با) یاخود (هەوا) ئەکشێ و بۆشایی تیا پەیدا ئەبێت و قورسای کەم ئەبێتەوە ، بەوە تەوژمەکە کەم ئەبێتەوە بۆیە گەرما کاریگەرترین شتە لەسەر پاڵە پەستۆی هەوا هەر ئەمەشە وای کردوە سلێمانی بە شاری ڕەشەبا بناسرێت. هەوای سلێمانی (شێدار)نییە چونکە دوورە لەدەریاوە.[7]

[7] - پارێزگای سلێمانی http://slemani.gov.krd/so/pageDetail.php?secID=3#

## نەخشەی (١)

## پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە:سایتی پارێزگای سلێمانی http://slemani.gov.krd/so/pageDetail.php?secID=2

دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی گەرەکەکانی شاری سلێمانی لەساڵی (٢٠٠٩).

**خشتەی(١)**

**گەرەکەکانی باکوری خۆرئاوای شاری سلێمانی.**

| ژمارە | ناوی گەڕەکەکان | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ١ | سەرچنار(١) | ٦٥٣٦ |
| ٢ | سەرچنار(٢) | ٥٩٧٩ |
| ٣ | بێسارانی | ٩٣٧٨ |
| ٤ | زەرگەتە | ١١١٨٠ |
| ٥ | سەیرانگای سەرچنار | ٢٠٢ |
| ٦ | مەشخەلان | ٦٩٤١ |
| ٧ | قلیاسان | ٤٧١١ |
| ٨ | کانی سپیکە | ٧٨٢٣ |
| ٩ | قەیوان(١) | ٩٤٨ |
| ١٠ | قەیوان(٢) | ١٧٦١ |
| ١١ | تاڤگە(١) | ١٥٥٥ |
| ١٢ | تاڤگە(٢) | ٦١٥ |
| ١٣ | سەروەری | ٤٢٢٧ |
| ١٤ | نەغەدە | ٤٣٣٩ |
| ١٥ | فەرمانبەران | ٤٩٦٤ |
| ١٦ | بێکەس | ٤٥٨٩ |
| ١٧ | هێمن | ٦٩٢٣ |
| ١٨ | زەرگەتەی کۆن | ٧٩١٦ |
| ١٩ | زیرەک | ٥٤٤٢ |
| ٢٠ | بەختەوەری | ٥٤٩٦ |
| ٢١ | چنارۆک | ٣٢٢٩ |
| ٢٢ | بادینان | ٥٣٦٢ |
| کۆی گشتی | | ١١٠١١٨ |

سەرچاوە/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

ژمارەی دانیشتوانی کۆی گەڕەکەکانی باکوری خۆرئاوای شاری سلێمانی بریتیە لە (١١٠١١٨)کەس کەدەکاتە ڕێژەی (٢٢.٣)% کۆی دانیشتوانی شارەکە.

**خشتەی(٢)**

**گەڕەکەکانی باکوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی.**

| ژمارە | ناوی گەڕەکەکان | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ١ | کوردسات(١) | ١٥٥٣ |
| ٢ | کوردسات(٢) | ٢٤٨٥ |
| ٣ | خوارکوردسات | ٣ |
| ٤ | چیای گۆیژە | ٧٨ |
| ٥ | سورێن | ١٠٥١١ |
| ٦ | پیرەمەگرون | ٣٢١٧ |
| ٧ | سارداو | ٤٨٤٥ |
| ٨ | کارێزەوشک(١) | ٩٧٧٩ |
| ٩ | کارێزەوشک(٢) | ٤٤٩٣ |
| ١٠ | ئەزمەڕ | ٧٤٨٧ |
| ١١ | هەواری تازە | ٦٠٥٣ |
| ١٢ | سەروکورسات | ٣٨٠ |
| ١٣ | دەباشان | ١١١٨٠ |
| کۆی گشتی | | ٦٢٠٧٤ |

سەرچاوە/بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

ژمارەی دانیشتوانی کۆی گەڕەکەکانی باکوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی بریتیە لە (٦٢٠٧٤) کەدەکاتە ڕێژی (١٢.٥)%کۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی.

**گەڕەکەکانی باشوری خۆرئاوای شاری سلێمانی.**

**خشتەی (٣)**

| ژمارە | ناوی گەڕەکەکان | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ١ | باخان | ٣٩٦٥ |
| ٢ | بەرانان | ٥٠٢٣ |
| ٣ | هەکاری | ٣٨٨٨ |
| ٤ | علی ناجی | ٣٢٨٤ |
| ٥ | شێخ محێدین | ١٠٠٥٤ |
| ٦ | گەرمیان | ١٦١٩ |
| ٧ | ئاوباریک | ٨٤٩٠ |
| ٨ | مەولانە | ٢٠٤٥ |
| ٩ | پیشەسازی | ١٣٢٧ |
| ١٠ | ئاوباریک وئاشەسپی | ٣٤٨٤ |
| ١١ | شەکرەکە | ٢٦٢٧ |
| ١٢ | هەرەوەزی | ٦٤٩٢ |
| ١٣ | بەختیاری تازە | ٥٠٧٨ |
| ١٤ | هەندرێن | ٢٢٧٤ |
| ١٥ | چوارچرا(١) | ١٥١ |
| ١٦ | چوارچرا(٢) | ٢٥٤٤ |
| ١٧ | چوارچرا(٣) | ٧٨٦ |
| ١٨ | ئابڵاخ (١) | ٧٩٨ |
| ١٩ | ئابڵاخ (٢) | ٢٧٣٧ |
| ٢٠ | شارەوانی | ١٠٥٩٥ |
| ٢١ | موشیرئاوا | ٦٥٧٢ |
| ٢٢ | ڕزگاری | ٣٢١٤ |
| ٢٣ | ئەندازیاران | ٢٤٥١ |
| کۆی گشتی | | ٨٩٤٦٤ |

سەرچاوە/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

ژمارەی دانیشتوانی کۆی گەڕەکەکانی باشوری خۆرئاوای شاری سلێمانی بریتیە لە (٨٩٤٦٤) کەدەکاتە ڕێژەی (١٨.١)%ی کۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی.

**گەرەکەکانی باشوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی.**

**خشتەی(٤)**

| ژمارە | ناوی گەڕەکەکان | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ١ | برایم ئەحمەد | ١١٣٥٩ |
| ٢ | ژاڵە | ٦٨٣ |
| ٣ | بەهەشتی شار(١) | ٠ |
| ٤ | بەهەشتی شار(٢) | ٣٢٣ |
| ٥ | کازیوە | ١٤٥٨ |
| ٦ | سەیوان | ٥٨١٨ |
| ٧ | سەرشەقام | ٢٩٥٣ |
| ٨ | خەبات(١) | ٥٥٧٤ |
| ٩ | ڕۆژهەڵات(١) | ٨٩٤١ |
| ١٠ | خەبات(٢) | ٥٠٩٠ |
| ١١ | ڕۆژهەڵات(٢) | ٦٩٢٣ |
| ١٢ | هیوا | ٢٢٤٣ |
| ١٣ | سانا | ٣٨٣٤ |
| ١٤ | تانجەرۆ | ١٢٢٣٤ |
| ١٥ | چیا | ٣٨٦٣ |
| ١٦ | کانی با | ٢٨٦١ |
| ١٧ | چراخان | ٢٢٧٩ |
| ١٨ | ئاسایشەکان | ٤٦٧ |
| ١٩ | زێڕینۆک | ٣٩٢٦ |
| ٢٠ | کوڕەکاژاو | ١١٣٢ |
| ٢١ | وڵوبە(١) | ٧٥٣٥ |
| ٢٢ | ماردین | ٢٧٠ |
| ٢٣ | وڵوبە(٢) | ٣٥٣٨ |
| ٢٤ | قرگە(١) | ٢٠٦٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | قرگە(٢) | ١٩٦٥ |
| ٢٦ | شێخ عەباس | ٥٤٢١ |
| ٢٧ | شوقەکانی برایەتی سەردەم | ١٥٢٤ |
| ٢٨ | سروشت | ١٣٧٣ |
| ٢٩ | نەخۆشخانەی شۆرش | ٧٥٧ |
| ٣٠ | گوڵە باخ | ٩٠٢ |
| ٣١ | چوارباخ | ٩٠٧٦ |
| ٣٢ | وەیس | ١٧١٨ |
| ٣٣ | کۆمپانیای بیابان | ٤٥٩ |
| ٣٤ | بازرگانی | ٨٣٨ |
| ٣٥ | دەرگەزێن | ٦٦٦ |
| ٣٦ | شێخان | ١٠٤٣ |
| ٣٧ | سابوونکەران | ٤٩٤٠ |
| ٣٨ | کانیسکان | ٣٢٠٦ |
| ٣٩ | مەلکەندی | ٤٨٥١ |
| ٤٠ | گردی جۆگە | ٩٧١ |
| ٤١ | گۆیژە | ٥٤٩١ |
| ٤٢ | سلێمانی تازە | ٤٨٢٢ |
| ٤٣ | دارۆغا | ٥٤٩٨ |
| ٤٤ | توی مەلیک | ٦٦٤٤ |
| ٤٥ | عەلی کەمال | ٦٦٥٧ |
| ٤٦ | مەجیدبەگ(١) | ٩٠٢٤ |
| ٤٧ | مەجیدبەگ(٢) | ٩٠٢٤ |
| ٤٨ | ئازادی | ٧٤٦٥ |
| ٤٩ | هەوارە بەرزە | ١١٩٥٣ |
| ٥٠ | ئازادی | ١٥٤٣٠ |
| ٥١ | گۆیژەی تازە | ٧٣٦٦ |
| ٥٢ | زمناکۆ | ٩٣٦٨ |
| کۆی گشتی | | ٢٣٢٠٥٠ |


**سەرچاوە**/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

ژمارەی دانیشتوانی کۆی گەڕەکەکانی باشوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی بریتیە لە(٢٣٢٠٥٠)کە دەکاتە ڕێژەی(٤٧)%ی کۆی ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی.

کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی (٤٩٣٧٠٦)کەسە بۆساڵی (٢٠٠٩).

بەڵام بەگوێرەی ئەوپێشبینیانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی کردویەتی لەساڵی ٢٠١٩ ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شاری سلێمانی بەرزئەبێتەوە بۆ(٧٦١٠٩٩)کەس،کەئەمەش واتای ئەوەی دانیشتوانی شاری سلێمانی زۆر زیادەکات و فشارەکان لەسەر سەنتەری شارەکە زیاددەکات.

شێوەی (١) دابەش بوونی ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەکەکان.



نەخشەی (٢) گەڕەکەکانی شاری سلێمانی.




سەرچاوە:بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بەشی تەکنەلۆجیاوزانیاری.


## باسی دووەم/تایبەتمەندیەکانی هەردوودامەزراوەکە (بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای سلێمانی).

١/شوێن

عێراق/هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی؛ گەڕەکی نێرگز، نزیک بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی،پشت بەنزینخانەی بینایی.

وێنەی بینای هەردوو بەڕێوەبەرایتیەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

وێنە(١)




سەرچاوە: https://www.google.com/maps/place/Sulaymaniyah

تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی.

ڕووبەری بەڕێــوەبەرایەتی پاســپۆرتی پارێزگــای ســلێمانی بــریتیە لە (٤٩٠٠)مەتربەگشــتی کە (٢٥٠٠)مەتری بینایی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆری پارێزگای سلێمانی داگیری کردوە.

وێنەی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی.

وێنەی(٢)




سەرچاوە:www.google.com/maps/uv?hl=en&pb=!1s0x40002e775c918dfd

**خشتەی (٥)**

هۆبەوبەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێـمانی

| نهۆمەکان | ناوی بەش و هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێـمانی | تێبینی |
|---|---|---|
| ٢B | گەراج | |
| نهۆمی زەمینی | پرسگە، تۆماری داواکاریەکان | |
| یەکەم | وەرگرتنەوەی پاسپۆرت،چیشخانە | |
| دووەم | نوێکردنەوەی پاسپۆرت،یاسا،وردبینی بەڵگەنامەکان | |
| سێیەم | لێپرسراوی کاروباری پاسپۆرت،پاسپۆرت بۆیەکەم جار،وردبینی بەڵگەنامەکان | بەشی وردبینی بەڵگەنامەکان لەهەردوونهۆمی دووەم وسێیەم بوونیان هەیە |
| چوارەم | بەڕێوەبەر،چاپی پاسپۆرت،ئەرشەفە | |
| پێنجەم | کارگێڕی،خۆیەتی،ژمێریاری،وردبینی،ئەرشیف/وەرگرتنەوەی پاسپۆرتی کۆن | |
| شەشەم | ڕاگەیاندن وپەیوەندیەکان،ئامار،هێڵگۆرکێ،هونەری،IT | |

**خشتەی (٦)**

٣/ژمارەی هۆبە و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی.

| ژمارە | هۆبە و بەش | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ٢٥ | هۆبە | |
| ٤ | بەش | ٢٩ |

**خشتەی (٧)**

٤/ژمارەی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی.

| کارمەند | ژمارە | کۆی گشتی هەردوو ڕەگەز |
|---|---|---|
| ڕەگەزی نێر | ١٥٦ | |
| ڕەگەزی مێ | ٦٢ | ٢١٨ |

بەگوێرەی ئەوزانیاریانەی دەست توێژەر کەوتووە لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی، لە ڕۆژێکی دەوامی ئاسایدا لەوەرزی زستاندا(٩٠٠) کەس سەردانیان دەکات بە مەبەستی بەڕێکردنی کاروبارەکانیان،و ئەم ڕێژەیە لەوەرزی هاویندا بەرزتردەبێتەوە.

ئەگەر مانگێک بە نموونە وەرگرین زۆرترین ڕۆژەکانی دەوامی ئاسایە ڕێژەی سەردانی کردنی هاوڵاتیان دەردەکەوێت

مانگی تشرینی دووەم (١١)کە لەکۆی ٣٠ ڕۆژەکە ٢٤ ڕۆژی دەوامی ئاسایە دەردەکەوێت

٢٤/٩٠٠= ٢١٦٠٠ کەس سەردانیان کردوە کە ڕێژەیەکی زۆرە.[8]

**خشتەی (٨)**

ناوی سەرجەم ئەوبەڕێوەبەرایەتیانەی کەدەکەوێتە سنوری جوگرافی ناوچەی توێژینەوە کە( بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی وبەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای سلێمانی) ە.

**ناوی سەرجەم ئەوبەڕێوەبەرایەتیانەی دەکەونە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە.**

| ژمارە | ناوی فەرمانگەو بەڕێوبەرایەتەکان | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما | |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشبیری وهونەری منداڵانی سلێمانی | |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان وخانوبەری میری | |
| ا | بەڕێوبەرایەتی خانوبەری سلێمانی ١و٢ | |
| ب | باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان وبەڕێوبەرایتی خانوبەرەی میری | |
| د | باجی دەرامەتی سلێمانی ١و٢ | |
| ٤ | بەڕێوبەرایەتی گواستنەوەی | |


[8] - سەردانی مەیدانی توێژەر.

| | | |
|---|---|---|
| | سلێمانی | |
| | پۆلیسی سلێمانی بەشی نەهێشتنی تاوان | ٥ |
| | بانکی سەروەری | ٦ |
| | بەشی ئامێرسازی پۆلیس | ٧ |
| | بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی مەرکەزی سلێمانی | ٨ |
| | بەڕێوبەرایەتی ڕەگەزنامەی باری شارستانی سلێمانی | ٩ |
| | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی | ١٠ |
| | نوسینگەی چەکی پاسپۆرت | ١١ |
| | لقی بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی | ١٢ |
| | بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاسەوانی سلێمانی | ١٣ |
| | قوتابخانەی ڕەفیق حلمی بنەرەتی | ١٤ |
| | بەڕێوەبەرایەتی کارتی نیشتمانی | ١٥ |
| | نوسینگەی مافی مرۆڤ | ١٦ |
| | بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن ١٠٤ | ١٧ |
| | بەڕێوەبەرایەتی پۆلسی سلێمانی | ١٨ |
| | مزگەوتی حاجی ئەحمەد فەتاحی دارتاش | ١٩ |

سەرچاوە/سەردانی مەیدانی توێژەرلەبەروار ٢٠١٨/١١/٢٦

بەپێی بەدواداچونی توێژەر (١٩)فەرمانگەی حوکمی کەبەشێکیان ئەمنین، لەناوچەی لێکۆلینەوەبوونی هەیە.هەریەکەیان هۆکارن بۆزیادبوونی فشاری هاتوچۆلەسەرناوچەکە.

نەخشەی(٣) ناوچەی لێکۆڵینەوە.




سەرچاوە:بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری.

## خزمەت گوزاریەکانی ناوچەی توێژینەوە

**خشتەی (٩)**

**بەرواری٢٠١٨/١١/١٨ کات ٩/٣٠خولەکی بەیانی**

| ژمارە | خزمەتگوزاریەکان |
|---|---|
| ٥١ | وێنەگروعەریزەنوسەکان |
| ١٠ | خواردەمەنی ولەفە فرۆشەکان |
| ٦ | مارکێت |
| ١ | چێشتخانە |
| ١ | هێڵی پاس(هێڵی پاسەکانی زەرگەتەی تازە+پەروەردەی ڕۆژئاوا+بەنزینخانەی بینای) |
| **٦٩** | **کۆی گشتی** |

بەگشتی (٦٩) خزمەتگوزاری بوونی هەیە لەناوچەی لێکۆلینەوە کەبەشێوەیەکی یاسای ڕێک نەخراون، وهۆکارێکن بۆ دروستبوی فشاری هاتوچۆلەناوچەکە.

ئاماری سەردانی کردنی هاولاتیان بۆبەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی وبەڕێوەبەرایەتی نشیگەی پارێزگای سلێمانی.

**خشتەی (١٠)**

| زانیاری | | ژمارەی سەردانیکردن | | ژمارەی سەردانی کردن | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بەرواری١١/١٨/ ٢٠١٨ کات ١٠،١٥بۆ ١٠،٣٠خولەک کات/ ٩،٤٥ بۆ ١٠،٠٠ | | بەرواری ٢٠١٩/١/٢٢ کات،١٠،٣٥بۆ١٠،٥٠خولەک کات/١١،١٥بۆ١١،٣٠ | |
| بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت | نێر | ٢٠٣ | کۆی گشتی | ٨٥ | کۆی گشتی |
| | مێ | ٨٨ | ٢٦٩کەس | ٥٤ | ١٣٩ |
| بەڕێوەبەرایەتی نشینگە | نێر | ٧٠ | کۆی گشتی | ٧٠ | کۆی گشتی |
| | مێ | ٣٣ | ١٠٣ | ٣٨ | ١٠٨ |

**ئاماری وەرگرتنەوەی پاسپۆرت لە کاتژمێر ١٠،٤٥خولەکی بەیانی بەرواری ٢٠١٨/١١/١٨**

**خشتەی (١١)**

| نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ٣٩ | ١٨ | ٥٧کەس |

**ئاماری نوێکردنەوەی پاسپۆرت لەکاتژمێر ١٠.٥٥خولەکی بەیانی بەرواری ٢٠١٨/١١/١٨**

**خشتەی(١٢)**

| نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ٢٤ | ١٤ | ٣٨ |

**ژمارەی گەراج و ژمارەی ئوتومبێلەوەستاوەکانی دەوروبەری هەردوودامەزراوەکە**

**خشتەی(١٣)**

| ژمارە | گەراجەکان | ژمارەی ئوتومبیلەوەستاوەکان لەبەرواری ٢٠١٨/١١/١٨ | ژمارەی ئوتومبیلەوەستاوەکان لەبەرواری٢٠١٩/٢/١٨ |
|---|---|---|---|
| ١ | گەراجەکانی پشت بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت ونشینگەی سلێمانی | ٧٠ | ٥٨ |
| ٢ | | ٩٠ | ٨٥ |
| ٣ | | ٢٧ | ٣٨ |
| | | ١٠٧ | ١٢٩ |
| ٤ | | | |
| کۆی گشتی | | ٢٩٤ | ٣١٠ |
| ٥ | گەراجەکانی بەرامبەر نشینگە | ١٠٧ | ١٢٠ |
| ٦ | | ٣٨ | ٤٥ |
| کۆی گشتی | | ١٤٥ | ١٦٥ |
| ٧ | گەراجی پشت ئامێرسازی پۆلیس | ٩٥ | ٧٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | **گەراجەکانی بەرامبەر ڕەگەزنامە** | ٤٥ | ٥٣ |
| ٩ | | ٤٠ | ٣١ |
| **کۆی گشتی** | | ٨٥ | ٦٧ |
| **کۆی گشتی ئوتومبێلەکان** | | ٦١٩ | ٦٢٦ |

بەگشتی (٩)گەراج لەناوچەی لێکۆلینەوە بوونیان هەیەکە دوورۆژی جیاوازمان وەرگرتوە کە ژمارەی ئوتومبێلەوەستاوەکان لە ڕۆژی یەکەمدا (٦١٩) ئوتومبیل بووە ورۆژی دووم (٦٢٦) کەنزیکی هەردووژمارەکە وزۆری ژمارەی ئوتومبیلەوەستاوەکانی ناوگەراجەکان سەلمێنەری بوونی کێشەی هاتوچۆیە لەناوچەکە.هەروەها گەراجەکانی سنورەکە خۆلْن ئەمەش بەشێکیان ئەمەش وادەکات لەهاویندا تەپوزێکی زۆری هەبێت کەکاریگەری خراپی هەیە لەسەرژینگە وکەسانی ناوچەکە.لەزستانیشدا قورلەناوچەکە بلاودەکەنەوە.

بۆدەرکەوتنی جیاوازی ژمارەی ئوتومبێلی گەراجەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە ڕۆژی شەمە٢٠١٨/١١/٢٤ سەردانی ناوچەکەم کرد بە ئامانجی دەرخستنی ئەوجیاوازیەی هەیە ئامارەکان لە کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی تۆمارکراون.

وێنەی(٣)

دیمەنی کەڵەکەبوونی ئوتومبیل لەیەکێک لەگەراجەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.



سەرچاوە:وێنەکەلەلایەن توێژەوەلەکاتی سەردانی مەیدانی گیراوە لەبەرواری ٢٠١٨/١١/١٨

خشتەی(١٤)

لەرۆژێکداکەدەوامی فەرمانگەکان نەبون.

| گەراجەکان | ژمارە |
|---|---|
| گەراجەکانی  بەردەم و پشت پاسۆرت | ١٧ |
| گەراجەکانی بەردەم نشینگە | ٧ |
| گەراجەکانی بەردەم ڕەگەزنامە | ٦ |
| گەراجەکانی بەردەم ئامێرسازی پۆلیس | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٥٥ئوتومبێل |


لەوڕۆژانە پشوی فەرمانگەکانە ژمارە ئوتوبیلی نێوگەراجەکان تەنها (٥٥) ئوتومبێلە،کەئەمەش ژمارەیەکی زۆرکەمە بەراورد بە ڕۆژانی دەوامی ئاسایی.

**بڕوانەوێنەی ژمارە(٤)**



سەرچاوە:وێنەکەلەلایەن توێژەرەوەلەبەرواری ٢٠١٨/١١/٢٤

. بڕوانەوێنەی ژمارە(٥) بەردەم پاسپۆرت



سەرچاوە:وێنەکەلەلایەن توێژەرەوەلەبەرواری ٢٠١٨/١١/٢٤

**خشتەی (١٥)**

**ژمارەی ئوتومبێلەی هاتوو ڕۆیشتووی بەردەم هەردووبەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت ونشینگەی سلێمانی.**

| ژمارە | جۆری ئوتومبیل | ژمارەی ئوتومبێلەکانلەبەرواری٢٠١٨/١١/٢٨کات ١٠،٣٥بۆ ١٠،٥٠خولەکی بەیانی | ژمارەی ئوتومبێلەکانلەبەرواری ٢٠١٩/١/٢٢کات٩،٤٥خولەک بۆ١٠.٠٠ |
|---|---|---|---|
| ١ | تەکسی | ١٤١ | ٩٥ |
| ٢ | خسوسی(تایبە ت) | ١١٦ | ٧٤ |
| ٣ | پیکاب | ٢٧ | ٣٠ |
| ٤ | پاس | ٧ | ٣ |
| ٥ | ماتۆڕ | ٣ | ١ |
| کۆ | | ٢٩٤ئوتومبێل | ٢.٣ئوتومبێل |

**تەنهالە(١٥)خولەکی دووڕۆژی جیاوازداو لەکاتی دەوامی ئاسایدابەگوێرەی ئەوبەدواداچونە مەیدانیەی کردومانەدەرکەوتوە لەڕۆژی یەکەمدا (٢٩٤)ئوتومبیل ولەڕۆژی دووم دا(٢٠٣)ئوتومبیل بەناوچەکەداهاتووە ورۆیشتوە کەژمارەیەکی زۆرە.**

**خشتەی (١٦)**

دەرکەوتنی جیاوازی نێوان ئوتومبێلی هاتووڕۆیشتوی بەردەم هەردووبەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت و نشینگەی ڕۆژێکی نەبوونی دەوامم وەرگرتووە.

| ژمارە | جۆری ئوتومبیلەکان | ڕۆژی شەمە بەرواری ٢٠١٨/١١/٢٤کات ١٠سەرلەبەیانی | ڕۆژی شەمە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٣کات ١١سەرلەبەیانی |
|---|---|---|---|
| ١ | تەکسی | ١٣ | ١٧ |
| ٢ | خسوسی (تایبەت) | ٩ | ١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | پیکاب | ٠ | ١ |
| ٤ | پاس | ٣ | ٢ |
| ٥ | ماتۆر | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٢٥ | ٣٢ |
| | | | |

لەوڕۆژانەی دەوامی فەرمانگەکان بوونی نەبووە دوو ڕۆژمان وەرگرتوە جیاوازی گەورە هەیە لەنیوان ڕۆژانی دەوامی ئاسایی لە ڕۆژی یەکەمدا تەنها (٢٥) ئوتومبیل بوونی هەبووە ورۆژی دووم (٣٢)بەناوچەکەدا هاتون وچوون.

بڕوانە وێنەی (٦) وێنەی شوێنی خزمەتگوزاریەکان.




سەرچاوە:سەردانی مەیدانی توێژەربۆناوچەی لێکۆلینەوە بەرواری٢٠١٨/١١/٢٤

تێبینی/هیچ کام لەعەریزەنوس و لەفە فرۆش وێنەگرەکانی سنوری لێکۆلینەوە لەڕۆژی ٢٠١٨/١١/٢٤بوونیان نەبوو.

**باسی سێیەم /دەرئەنجام و ڕاسپاردە**

**دەرئەنجام**

١/دروست بوونی فشارێکی زۆری هاتووچۆلەسەرناوچەی لێکۆلینەوە کەگەڕەکی نێرگزدەکات لەشاری سلێمانی تەنها لە (١٥)خولەکدا (٢٩٤)ئوتومبێل هاتووچۆی کردوە لەناوچەکان کەئەگەر ئەم ژمارەیە لیکدانی(٤)بکەن لەسەعاتێکدا و ٢٩٤*٤=١١٧٦ ئوتومبێلی جولاولەیەک کات ژمێری ڕۆژانی ئاسایی دەوامدابوونی هەبووە.

٢/لەکۆی (٩)گەراجی ڕەسمی و نارەسمی سنوری ناوچەی لێکۆلینەوە سەرجەمیان (٦١٩)ئوتومبێلی وەستاوبوون لەناوچەکەبوونیان هەبووە کە ئەمانیش وەستانەکەیان کاتی بووە لەهەرکاتێکدابی دەجولێن وفشاری هاتووجۆ دروست دەکەن.

٣/جگەلەبوونی ئوتوبێلی جولاوی بەردەوام هەروەها وەستاوی ناوگەراجەکان ژمارەیەکی تری ئوتوبێلی جۆری تەکسی لەلەبەردەمی ماڵەکانی سنورەکەداهەندێک جارڕایدەگرن کە تویژەر لەدوای پرسیارکردن لەبەشیک لەماڵەکانی سنورەکە بۆی دەرکەوت کە ئەم دیاردەیە هۆکارێکە بۆکەم بوونەی ئازادی ماڵەکان.هەروەها قەلەقی وراڕایی ماڵەکانی سنورەکە بەتایبەت ڕەگەزی مێ کەبەم هۆیەوە کەمترن جاردەتوانێت بێتە دەرەوە.

٤/بوونی ئەو فشارەزۆرە لەسەر ناوچەکە هۆکارە بۆڕووداوی هاتووچۆ کەوای کردوە بەشێکی زۆری ماڵەکانی سنوورەکە لەکاتی هاتنەدەرەوەی منداڵەکانیان یاخود کەسەبەتەمەنەکانی ماڵەکان خەمی ئەوەیان بێت کەتوشی ڕووداوی هاتووچۆنەبن.

٥/بەردەوامی دەنگی ئوتومبێلەجیاوازەکانی ناوچەی لیکۆلینەوە کێشەو گرفتی دەرونی دروست کردوە بۆبەشیک لەخوێندکارانی کەماڵیان لەوگەرەکەیە بەتایبەت خویندکارانی پۆلی (١٢)ی ئامادەی کە پێوستیان بە ماڵی ئارام و شوێنی جێگری دور لەدەنگە دەنگ هەیە بۆکۆششکردن.

**ب/ڕاسپاردە**

١/پێشنیاردەکەم بە گواستنەوەی بەڕیوەبەرایەتی پاسپۆرتی پاریزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پاریزگای سلێمانی چونکە بەشیکی زۆری فشاری هاتووچۆ بەهۆی ئەو دوودامەزراوەیەوەیە،بەگوێرەی ئاماریک کەلەبەڕیوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی وەرمگرتوە،تەنها لەیەک ڕۆژدا (٩٠٠)کەس سەردانیان دەکات،ئەگەرئەم ژمارەیە لێکدانی کۆی ڕۆژەکانی دەوامی فەرمی یەک هەفتە بکەی ٩٠٠*٥=٤٥٠٠کەس،کەئەمەش ژمارەیەکی زۆرەوسەلمێنەری بوونی فشاری زۆرە.

٢/ گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پاریزگای سلێمانی چونکە ئەوبەڕیوەبەرایەتیش بۆتەهۆی دروست بوونی فشارلەسەرناوچەکە تەنهالەماوەی یەک کاتژمێردا نزیکەی (٥٠) کەس داخلی ناوبەڕیوبەرایەتی نشینگە بوون لەڕۆژێکی دەوامی ئاسایدا ئەگەر (٤) هەژماربکەی بۆ دەوامی ئاسای فەرمانبەران کەواتە ١٠٠*٤=٤٠٠کەس لەڕۆژێکدابۆهەفتەیەک ٤٠٠*٥=٢٠٠٠کەس دەکات لەهەفتەیەکدا.

٣/گواستنەوەی هەردووبەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت ونشیگەی پارێزگای سلێمانی یەکسانە بەگواستنەوەی هەمووئەوخزمەتگوزاریە ڕەسمی وناڕەسمیانەی لەو سنورە هەیە وەک عەریزە نوس و وێنەگرەکان،لەفەفرۆش و چیشتخانەکان،وبەشێک لەوپێکاب سەیارانەی لەوسنورە ڕاگیراون و پێداویستی دەفرۆشن،هەروەهادورکەوتنەوەی ئەو ڕێژە زۆرەی تەکسی وەستاو لەناوچەکە.

٤/گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی پاریزگای سلێمانی چونکە جگەلە سەنتەری پارێزگای سلێمانی بە گوێرەی دواین بڕیارکاروبارەکانی قەزای چەمچەمالیش خراوەتە سەر ڕەگەزنامەی سلێمانی ئەمە لەکاتێداکەپێشتر کارەکانی قەزای چەمچەماڵ سەربەئیدارەی گەرمیان بوو.

٥/پێویستە ئەوناوچەی دیاری دەکرێت بۆهەردووبەڕێوەبەرایەتی شوێنیک بێت کە دوربێت لەناوجەرگەی شار وجێگای جگە لەهەردووبەڕێوبەرایەتە جێگا بۆسەرجەم خزمەتگوزاریەکانی تردابین بکرێت وگەراجی تایبەتمەند کەزۆرترین ئوتومبێل بگرێت وکەمترین جێگابگریت لەسنورەکە.

٦/لەکاتی دیاری کردنی شوێنی نوێ بۆبەڕێوەبەرایەتیەکان پێوستە حسابی ئەوەبکرێت،بۆمەودایەکی دوربۆئەوەی دووبارە نەبێتەوە شوێنێکی پرلەکێشەی هاتووچۆ.

٧/دابینکردنی ناوچەی سەوزایی پێوست بۆئەو ناوچەی دەبێتە شوێنی بەڕێوەبەرایەتەکان چونکە هاتوچۆکردنی ئوتومبیل بەڕێژەکی زۆرناوچەکە پیس دەکات.

# سەرچاوەکان

## کتێب


١ /شیروان عومەر ڕەشید،بنەماکانی جوگرافیای سروشتی وگەشەپێدانی گەشتوگوزار،لەپارێزگای سلێمانی،چاپی یەکەم،لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان،سلێمانی،ساڵی ٢٠٠٧.

٢ /لەنجە سەڵاح عبدولکەریم،شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆبەرهەم هێنانی گەنم وجۆ لەپارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی(١٩٩٧_٢٠٠٥)،چاپی یەکەم،بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی،ساڵی ٢٠١٠.


### سەرچاوەحکومیەکان


٣/حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

٤/حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی ناوخۆ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە، بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی.


### سەردانی مەیدانی


٥/ سەردانی مەیدانی توێژەر بۆناوچەی لێکۆلینەوە.


## سەرچاوەکانی ئینتەرنێت


٦/پارێزگای سلێمانی http://slemani.gov.krd/so/pageDetail.php?secID=3#

٧/بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ، http://www.sultraffic.com